حكومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەت

حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (٢٢٢) لە ٢٠٢٣/٦/٧

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١١١) لە ٢٠٢٣/٦/٧، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. ڕاسپاردنی وەزارەتەکانی (ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن ، ناوخۆ) بۆ بەردەوامبوون لە ڕێکارە هاوبەشەکانیان دەربارەی دەستنیشانکردنی (قەدەغەکراویی ڕێگا گشتییەکان) لە دەرەوەی شارەکان و بەرگرتن و لابردنی زێدەڕۆییەکان لەبەر ڕۆشنایی یاسای ڕێگا گشتییەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٢ و یاسا پەیوەندیدارەکانی دیکە.

٢. ڕاسپاردنی وەزارەتەکانی (شارەوانی و گەشتوگوزار، ناوخۆ) بۆ بەردەوامبوون لە ڕێکارە هاوبەشەکانیان دەربارەی لابردنی زیادەڕۆیی لەسەر ڕێگا و شەقام و شوێنە گشتییەکان لەبەر ڕۆشنایی یاسا بەرکارەکان.

٣. پێویستە لەسەر سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان لە سنووری پارێزگا و ئیدارەی سەربەخۆ و قەزا و ناحییەکانیان، چالاکانەتر کاربکەن بۆ لابردنی هەر زیادەڕۆییەک لەسەر شوێن و شەقام و ڕێگاوبانە گشتییەکان و بەرگرتن لە هەر هەوڵێکی زیادەڕۆیی و ڕووبەڕووکردنەوەی سەرپێچیکاران لە بەرامبەر یاسا و وەرگرتنی ڕێکاری قەزایی بەرامبەریان. بۆ ئەم مەبەستەش، وەزارەتی ناوخۆ دەسەڵاتی پێویستیان بۆ شۆڕ دەکاتەوە و پێداویستییەکانیان بۆ دابین دەکات.

٤. ڕاسپاردنی وەزارەتەکانی (داد، ناوخۆ، ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، شارەوانی و گەشتوگوزار) بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری بە مەبەستی هەماهەنگی بۆ جێبەجێکردنی بڕگەکانی ئەم بڕیارە.

٥. وەزارەت و فەرمانگە و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

**مەسرور بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**